# کۆچی وشە لە (لادێ)وە بۆ (شار)


د. هیوا عەساف

(زانکۆی سەڵاحەددین – کۆلێژی پەروەردە/ شەقڵاوە)


## سەرەتا

ئەم وتارە تایبەتە بە ئیتمۆلۆجیای کۆمەڵێک وشەی کوردی، کە ڕیشەکەیان بۆ دەوروبەری کولتووریی لادێیی و بواری کشتوکاڵ دەگەڕێنەوە. لە بنەڕەتدا ئەم وشانە چوارچێوەیەکی بەرتەسکیان هەبووە، بەڵام لەگەڵ کرانەوەی کۆمەڵگەی کوردی و گەشەی زمانی کوردی لە بوارەکانی زانست و ژیانی شارنشینیدا، ئەم وشانە لەو چوارچێوە بەرتەسکە دەرچوونە و بواری بەکارهێنانیان فراوانتر بووە.

ئەم گۆڕانە بەرئەنجامی ئەو بنەمایەیە کە زمان بنیادێکی زیندوو و داینامیکییە؛ پێویستییە هزری و کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە پاڵنەرن بۆ ئەوەی زمان کەرەستەی نوێ بخاتە بەردەم ئاخێوەرانی. لە هەر زمانێکدا ژمارەی وشە سادە و بنەڕەتییەکان سنووردارن و لەگەڵ ئاڵۆزبوونی ژیانی کۆمەڵگەدا، چیتر ئەو وشە کەمانە بە تەنیا بۆ گوزارشتکردن لە پێداویستییە نوێیەکان بەس نین، بۆیە زمان بۆ ئەوەی لاواز نەبێت و نەمرێت، ناچارە بەردەوام فراوان ببێت.

زمانی کوردی، وەک هەر زمانێکی تری زیندوو، بەردەوام لە ژێر کاریگەریی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و شارستانییەکاندا بووە. لە ڕابوردوودا بەشێکی زۆری فەرهەنگی وشەی کوردی ڕەنگدانەوەی ژینگەی لادێ و بواری کشتوکاڵ بووە، بەڵام لەگەڵ

کرانـەوەی کۆمەڵگـەی کـوردی و تێکەڵبوونـی بـە ژیانـی شارنشـینی و پێشـکەوتنی بوارەکانـی زانسـت و خوێنـدن، ئـەم وشـە و زاراوە سـادانە گۆڕانکارییـ جەوهەرییـان بەسـەردا هاتـوون و لـە چوارچێوەیەکـی بەرتەسـک و تاکـە بوارێکـدا چوونەتـە نـاو ڕووبەرێکـی فراوانتـری بەکارهێنانـەوە، تـا بتوانـن وەڵامـدەرەوەی پێویسـتییە هـزری، زانسـتی و کارگێڕییەکانـی سـەردەم بـن.

ئـەم فراوانبوونـە بـە پرۆسـەیەکی زمانەوانیـی ئاڵـۆزدا تێپـەڕ دەبێـت، کـە تێیـدا بـۆ بەرهەمهێنانی واتـا و وشـەی نـوێ، پشـت بـە وشـە سـادە و بنەڕەتییـەکان دەبەسـترێت. لـەم پرۆسـەیەدا، وشـە لـە ڕووی فـۆرم و واتـاوە چەنـدان گۆڕانکاریی بەسـەردا دێـت. بـۆ ڕاییکردنـی ئـەم ئەرکـە و پڕکردنـەوەی بۆشـایی لـە بـواری زاراوەسـازکردندا، زمانەوانـان و نووسـەران پەنـا دەبەنـە بـەر چەنـدان ڕێگـەی جیـاواز، وەک: (خـوازە، پێوانـە، وەرگێـڕان، وەرگرتـن، داڕشـتن، لێکدان) (بڕوانـە: کامـل حسـن البصیـر، ١٩٧٩، ل٤٦ - ٩٩). هەندێـک لـەم ڕێگەیانـە بەهـۆی گـۆڕان لـە فۆرمـی وشـەی بنەڕەتـی زاراوەی نـوێ دەخەنـەوە، وەک (ڕێگـەی داڕشـتن و ڕێگـەی لێکـدان). هەندێـک ڕێگـەی تریـش پشـت بـە گۆڕانـی واتـا دەبەسـتن، وەک (ڕێگـەی خـوازە)؛ کـە لـەم ڕێگەیـەدا لەسـەر بنەمـای پێکچـوون لـە ئـەرک و شـێوەدا، واتـا و مەبەسـتی وشـە دەخوازرێـت و بـۆ چەمکێکـی نـوێ بـەکار دەهێنرێـت، وەک بەکارهێنانـی سـیفەتی (گـەرم، سـارد، تونـد...) کـە سـەرەتا بـۆ مـاددە بەکارهاتـوون، ئێسـتا بـۆ چەمکێکـی ئەبسـتراکتی وەک (پێوەنـدی)یـش بەکاردەهێنرێـن.

## لە فەرهەنگی (لادێ)وە بۆ زاراوەی زانستی

لـە زمانـی کوردیـدا، ڕێگـەی خـوازە (گۆڕانـی واتـا) بـۆ گواسـتنەوەی وشـە لـە ژیانـی لادێ بـۆ ژیانـی شـار و گۆڕینـی بـۆ زاراوە (terms) لـە بـواری جۆراوجـۆردا بـە شـێوەیەکی فـراوان پشـتی پـێ دەبەسـترێت، واتـە زمانـی کـوردی هەوێنـی ڕەسـەنایەتیی خـۆی لـە خـاک، کێڵگـە و ژیانـی شـوانکارەیی لادێ وەرگرتـووە. لادێ بـۆ نەتـەوەی کـورد تەنیـا ناوەندێکـی بەرهەمهێنانـی مـاددی نەبـووە، بەڵکـوو گەنجینەیەکـی بێبڕانـەوە و تاقیگەیەکـی گـەورەی زاراوەسـازی بـووە. لێرەدا پەیڤـەکان لەنـاو ژینگەیەکـی فیزیکیـی کارادا و لـە ژێـر هەتـاو و بارانـدا تاقـی کراونەتـەوە، دواتـر لـە لایـەن نووسـەران و ڕۆشـنبیرانی کـوردەوە لـە کێڵگـەوە بـۆ کتێبخانـە و بـۆ سـەر شاشـەی تەلەڤزیـۆن و ڕووپـەڕی ڕۆژنامـە و گۆڤـارەکان گوازراونەتـەوە و هێنراونەتـە نـاو تاقیگـە زانسـتی و ناوەنـدە ئەدەبییـەکان و بـوارە جۆراوجۆرەکانـی زانسـتی وەک (زمانەوانـی، ڕاگەیانـدن، سیاسـەت، مێـژوو، ئابـووری، جوگرافیـا ...تـاد). ئەم پرۆسـەیە تەنیـا گۆڕینـی وشـە نییـە، بەڵکـوو نیشـانەی زیندوویەتـی مێشـکی تاکـی کـوردە، کـە توانیویەتـی کـۆدی زمانیـی خـۆی نـوێ بکاتـەوە، بەبـێ ئـەوەی ناوەڕۆکـە کولتوورییەکـەی تێـک بـدات.

پرۆسـەی بەزانسـتیکردن و زاراوەسـازی لەسـەر بنەمـای فەرهەنگـی دەوڵەمەنـدی ژیانـی لادێیـی، وەرچەرخانێکـی گرنـگ بـوو کـە بـە پلـەی یەکـەم بەهـۆی هەوڵـە دامەزراوەییەکانـی (کـۆڕی زانیاریـی کـورد) و کۆششـی نووسـەرانی بـواری زانسـتە جۆراوجـۆرەکان، وەرگێـڕان و داڕێژەرانـی پرۆگرامەکانـی خوێنـدن لـە کوردسـتانی عێـراق هاتـە کایـەوە. ئـەم داڕشـتنە سیسـتەماتیکە بـووە هـۆی بەرهەمهێنانـی کۆمەڵێـک زاراوەی هاوچـەرخ لـە کایـە جیاوازەکانـدا.

پرۆسـەی نوێبوونەوە و زاراوەسـازکردن بە شـێوازێکی

بەرفراوانتـر لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەمدا تەقینـەوەی بەخـۆوە بینـی؛ کاتێـک کۆمەڵگـەی کوردی ڕووبـەڕووی گۆڕانـی خێـرای شـێوازی ژیـان، کرانـەوەی کولتـووری و بازدانـی دیمۆگرافـی (کۆچـی بەکۆمـەڵ لە لادێ بـۆ شـار) بـووەوە. هاوشـانی ئـەم گۆڕانکارییـە سۆسـیۆ - کولتوورییانـە، گەشـەکردنی خوێندنـی فەرمـی بـە زمانـی کـوردی، بزاڤـی ڕۆژنامەگـەری، جێگیربوونـی ئەلفبـای پێشـکەوتووی کـوردی و فراوانبوونـی بزووتنـەوەی چـاپ و بڵاوکردنـەوەی کتێـب لـە بـواری جۆراوجـۆردا، زەمینەیەکـی لەباریـان بـۆ پەرەسـەندنی زمانەکـە بەگشـتی و زاراوەسـازی بەتایبەتـی، ڕەخسـاند.

ئـەم ڕاگواسـتنە شارسـتانییە، تەنیـا کۆچـی مرۆڤـەکان نەبـوو، بەڵکوو گواسـتنەوەی فەرهەنـگ و وشـە ڕەسـەنەکانی لادێ بـوو بـۆ نـاو جەرگـەی ژیانـی شـار، تـا بخرێنە خزمـەت قۆناغـە نوێیەکەوە؛ چونکـە ئەمـە گۆڕانـی کۆمەڵگەیـە، گۆڕانـی کۆمەڵگـەش گۆڕانـی زمانـی بـەدوادا دێـت. بـە شـێوەیەکی تـر؛ هاوکێشـە گـۆڕاوەکان پێویسـتیان بـە زمانێکـی داینامیکـی و گەشەسـەندوو هەبـوو کـە توانایـی لەخۆگرتنـی چەمکـە هاوچەرخەکانـی هەبێـت. ئـەم هەوڵـە هۆشـیارکەرەوانە و کارە زانسـتییانە، چ بـە ئاگایـی بن، یـان بـە شـێوازێکی خۆرسـک، لـە کۆتاییدا لەژێـر ڕۆشـنایی کۆمەڵێـک تیـۆر و بنەمـای زمانەوانیـی جیهانیـدا خۆیـان دەبیننـەوە، کـە ڕەوایەتیـی زانسـتی و فەلسـەفی بـەم شۆڕشـە زاراوەییـەی زمانی کوردی دەبەخشـن. لێرەدا هەندێـک لـەو تیۆرانـە و نموونـەی زاراوە لـە زمانـی کوردیـدا ڕوون دەکەینـەوە.

**یەکـەم: تیـۆری گۆڕانـی واتـا (Semantic change Theory):** گـۆڕان لـە زمانـدا، کـە لێکەوتـەی گۆڕانـی کۆمەڵگەیـە و پرۆسـەیەکی حەتمییـە و ناتوانرێـت پێشـی لێ بگیرێـت، هەمـوو ئاسـتەکان دەگرێتـەوە، لەناویانـدا ئاسـتی واتـا.

سـتیڤن ئۆڵمـان چەنـد شـێوەیەکی گۆڕانـی واتـای دەسـتنیشـان کـردووە، کـە ئەمانەن (بڕوانـە: احمـد مختـار، ١٩٩٨، ص٢٤٣ - ٢٤٨):

١- **فراوانبوونـی واتـا:** بریتییـە لـەو بـارەی وشـە بـە تێپەڕبوونـی کات، واتـای زیاتـر و چەمکـی فراوانتـر بگەیەنێـت.

٢- **تەسـکبوونەوەی واتـا:** بریتییـە لـەو بـارەی وشـە بـە تێپەڕبوونـی کات، واتـای کەمتـر و چەمکـی بەرتەسـکتر بگەیەنێـت.

٣- **گواسـتنەوە واتـا:** بریتییـە لـەو بـارەی وشـە بـە تێپەڕبوونـی کات، واتـای جیـاواز لـە واتـای پێشـووی بگەیەنێـت، واتـە لـە کاتـی دووەمـدا ئامـاژە بـە شـتێکی جیـاواز لـەوەی پێشـووی بـکات، ئەمیـش خـوازە و خواسـتن دەگرێتـەوە.

٤- **بەرزبوونـەوەی واتـا:** بریتییـە لـەو بـارەی واتـای وشـە بـە ئاراسـتەیەک بگـۆڕێـت، کـە واتایەکـی ئەرێنیتـر لـەوەی پێشـووی بگەیەنێـت.

٥- **نزمبوونـەوەی واتـا:** بریتییـە لـەو بـارەی واتـای وشـە بـە ئاراسـتەیەک بگـۆڕێـت، کـە واتایەکـی نەرێنیتـر لـەوەی پێشـووی بگەیەنێـت.

لـەو قۆناغـەی بـاس کـرا لـە پرۆسـەی زاراوەسـازکردندا هەندێـک وشـەی زمانـی کـوردی، کـە سـەردەمێک لـە ژیانـی لادێ بەکاردەهاتـن، کاتێـک کـراون بـە زاراوە، یەکێـک لـەو شـێوانەی گۆڕانـی واتایـان وەرگرتـووە. ئەو چەنـد نموونەیەی خـوارەوە، نموونـەی ئـەم جـۆرە گۆڕانـەن:

- وشـەی (دێـر)، لـە لادێ بـە هێڵـی چاڵکراوی ئاودانـی سـەوزەی وەکـوو تەماتـە و باینجـان و... دەگوترێـت دێـر، نووسـەری کـورد بـۆ وەسـفی پێکهاتـەی نووسـین پەنـای بردووەتـە بـەر وشـەی (دێـر). لێـرەدا بنەمـای لۆژیکـی (ڕێکوپێکیـی کێڵگـە) و پێکچـوون لـە شـێوەدا گوازراوەتـەوە بـۆ

هێڵی دەق و نووسین و وشەکە واتای بنەڕەتیی ماوە و ئەم واتایەشی وەرگرتووە.

- وشەی (خاڵ) لە بنەڕەتدا نیشانەیەکی ڕەنگی ڕەش، یان تاریک (شین، قاوەیی ...) بووە لەسەر جەستەی مرۆڤ کوتراوە، یان بە سروشتی هەبووە، لە قۆناغێکدا کراوە بە ناوی ئەو نیشانەیەی خاڵبەندی، کە جومگەی کۆتاییهاتنی ڕستە (point) دیار دەکات، ئەمەش لەسەر بنەمای پێکچوونی شێوەی ئەو نیشانەیەی خاڵبەندی و نیشانەی کوتراو، یان سروشتیی سەر جەستە.

- وشەی (ڕستە)، یان (ڕست) لە بنەڕەتدا پەتێکی باریکە، یان پەتێکە سەوزە و میوەی پێوە دەکرێت بۆ وشککردن، وەک ڕستەی بامیە، یان تووتن، یان هەنجیر. ئەم وشەیە لە شار و لە بواری نووسین و زمانەوانیدا واتایەکی تری بۆ زیاد بووە، کە واتای کۆمەڵە وشەیەکە بەسەریەکەوە و پێکهاتەیەکی ڕێزمانییە (sen-tence).

**دووەم:** تیۆریی میتافۆری چەمکی (Concep-tual Metaphor Theory): ئەم تیۆرە بە یەکێک لە گرنگترین و ناسراوترین تیۆرەکانی ناو زمانەوانی و واتاسازیی مەعریفی دادەنرێت، کە لەلایەن (جۆرج لایکۆف) و (مارک جۆنسۆن) لە کتێبی هاوبەشیاندا بە ناوی (Metaphors We Live By) لە ساڵی (١٩٨٠) داڕێژراوە. تیۆرەکە ((بەستراوەتەوە بە واتاسازیی مەعریفییەوە کە تێیدا میتافۆر وەک پرۆسەیەک دەبینرێت بۆ تێگەیشتن لە کایەیەکی چەمکی (Conceptual domain) لە ڕێگەی کایەیەکی دیکەوە. میتافۆرێکی باو و نموونەیی بریتییە لە نەخشەکێشان (Mapping) لەنێوان کایەیەکی چەمکیی ناسراوتر و کۆنکرێتیتر (کە پێی دەگوترێت کایەی سەرچاوە/ بواری بنچینەیی - Source domain) و ئەو کایە چەمکییەی کە یارمەتیی ڕێکخستنی دەدات (کە پێی دەگوترێت کایەی ئامانج/ بواری مەبەست - Target do-main). لێرەوە ... شتە فیزیکییەکان دەکرێنە سەرچاوە و چەمکە هۆشەکییە دابڕاوەکان (ئەبستراکتەکان) دەکرێنە ئامانج)) (CRYS-TAL, 2008, P98). لێرەدا بواری بنچینەیی زیاتر شتی فیزیکی بەرجەستەکراوە، بەڵام بواری ئامانج زیاتر شتی نابەرجەستە و واتاییە (حاتەم ولیا، ٢٠٢٠، ل١٧٨). تیۆرەکە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە مێشکی مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لە چەمکە ئاڵۆز و دابڕاوەکان پەنا بۆ ئەزموونە فیزیکی و جەستەییەکانی خۆی دەبات؛ لێرەوەیە کە وشە و نیشانەکانی تایبەت بە کەرەستە فیزیکییەکان دەخوازرێن بۆ گوزارشتکردن لە چەمکە ڕووتەکان. ئەم گواستنەوە چەمکییەش لە بنەڕەتدا وەک بزوێنەرێکی سەرەکی بۆ پرۆسەی گۆڕانی واتا لە زماندا سەیر دەکرێت.

ئەم بنەما تیۆرییە لە زمانی کوردیدا بە ڕێژەیەکی زۆر بۆ مەزراندن (توظیف)ی کۆمەڵێک وشەی ژیانی لادێیی و گواستنەوەیان بۆ ناو بوارە جۆراوجۆرەکان لە ژیانی شاردا، پشتی پێ بەستراوە، وەک:

- وشەی (هەگبە) کیسێکی دوو تاییە، دەخرێتە سەر پشتی گوێدرێژ، ئێستا وەک زاراوەیەک بۆ (بەرنامەی زانیاری)، یان (پڕۆژەی سیاسی) بەکاردێت. لێرەدا ئەرکی کۆکردنەوە و هەڵگرتن لە ژینگەی ماددییەوە خوازراوە و بووە بە چەمکێکی واتایی لە ناو زانستدا، واتە چەمکێک لە بوارێکی فیزیکییەوە بۆ بوارێکی واتایی خوازراوە.

- وشەی (گەندەڵ) لە لادێدا بۆ دارێک

بەکاردێت کە لە ناوەوە ڕزیوە و پووکاوەتەوە، بەڵام ئەمڕۆ لە کایەی سیاسی و کارگێڕیدا بۆ وەسفی داڕووخانی ئاکاری و دارایی بەکاردێت. بەم پێیە بوارە بنچینەییەکە، کە پووکانەوە و تێکچوون و لاوازبوونی دارە، خوازراوە بە داڕووخانی ئابووری و ئیداری و ئاکاری، کە بواری مەبەستە و چەمکێکی ئەبستراکتە.

- وشەی گێرەشێوێن: (گێرە)، یان (گێرەکردن) بریتییە لەو کارەی سەپان و جووتیار کە بە سمی چەند وڵاغێکی پێکبەستراو، یان بە جەنجەڕ، کە ئامێرێک بوو دەخرایە دوای وڵاغەکان، دەغڵی وشکبووی درووراو، کە کۆ دەکرایە و دەکرایە خەرمان، ورد دەکرا، واتە کوتانی قرشەی کۆکراوەی سەر خەرمانە. گێرەشێوێن ئەو وڵاغەیە، کە گێرەکە تێک دەدات، واتە بەهۆی نەڕۆیشتن، یان جیاوازیی لە خێرایی لەگەڵ وڵاغەکانی تردا ڕێکی و ئارامی و ئاراستەی گێرەکە تێک دەدات و وڵاغەکان تێک دەئاڵێن.

ئەم چەمکە، کە تێکدەری و نانەوەی ئاشووبە، گوازراوەتەوە بۆ بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاسایش، واتە چەمکێکی ئەبستراکت و مەبەستێکی هزری لە ڕێگەی کارێکی فیزیکییەوە وێناکراوە و ئێستا (گێرەشێوێن)، واتای (ئاژاوەگێڕ) و (گێرەشێوێنی)، واتای (ئاژاوەگێڕی) دەدات. بەم پێیە ڕەوتی ژیان بە گێرە چوێنراوە و ئاژاوەگێڕیش بەو گایە چوێنراوە کە ڕەوتەکە تێک دەدات و ناچێتە ژێر بارەوە و لاملی دەکات.

- وشەی کێشە: وشەکە لە (کێش)ی ڕەگی چاوگی (کێشان) و پاشگری (ە) پێکهاتووە. واتای بردنی لاسک، یان قەد و گوڵی دەغڵی وشکبووی درووراو، واتە قرشە، یان کڵۆش بۆ سەر خەرمان دەدات. لە کۆندا ئەم کارە بە وڵاغ دەکرا، هەر بارێک، کە پێی دەگوترا (شەخرە)، یان (شەغرە)، پێویستی بە بەستن و بارکردن و گواستنەوە و داگرتن هەبووە و بڕێکی زۆریش نەبووە، بۆیە کارەکە قورس و ناخۆش و تاقەتپڕووکێن بووە. ئەم تایبەتمەندییەی کاری کێشە هاندەر بووە بۆئەوەی وشەکە واتای (گرفت، ئاژاوە)ی بدرێتێ.

- وشەی شەنوکەو: (شەن)، یان (شەنکردن) بەباکردنی خەرمانی گێرەکراو، واتە کوتراوە بە ئامێری شەنە. (کەو)، واتە (سەرەند)، کە ئامێرێکە وەک (بێژنگ) بۆ پاککردنەوەی دانەوێڵە لە کا و قەسەڵ. شەن و کەو دوو قۆناغی بەرهەمهێنان و جیاکردنەوەی دانەوێڵەن لە کا و کۆتەڵ.

ئەم وشەیە ئێستا چووەتە ناو بواری سیاسی، ڕەخنەی ئەدەبی و زانستی جۆراوجۆرەوە. بەگشتی واتا نوێیەکەی بریتییە لە چالاکییەکی هزری، کە لێکۆڵینەوە و تاووتووکردن و وردبوونەوە و جیاکردنەوەی خاڵ و ڕەهەندە جیاوازەکان دەگرێتەوە، هاوشێوەی جیاکردنەوەی دان و کا لەسەر خەرمان بە شێوەیەکی کردارەکی.

- وشەی تاووتوو: (تا)، واتە لایەکی باری سەرپشتی وڵاغ. (تاووتوو) گواستنەوەی شتە لە لایەکی (تا)ەوە بۆ لایەکی تر، واتە گواستنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی شتەکان و هاوسەنگکردنی تایەکانە.

ئەم وشەیە هاوشێوەی شەنوکەو ئێستا چووەتە ناو بواری (سیاسی، ڕاگەیاندن، زانستی)یەوە و واتای (شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی قووڵ و وردبوونەوە لە بابەتەکان) دەدات. بەم شێوەیە، پێشتر واتای چالاکییەکی فیزیکی دەدا، بەڵام ئێستا ئاماژە بۆ چالاکییەکی هزری دەکات.

- وشەی ناوبڕ: وشەکە لە (ناو +بڕ)

پێکهاتووە. وشەی (ناو) چەند واتایەکی هەیە، یەکێک لەوانە واتای (ناوچە)یە، بۆ نموونە دەگوترێت (خەڵکی ئەم ناوەیە، لەم ناوە نەوەستی ...)، هەروەها واتای (ماوە، کات)یش دەدات، بۆ نموونە دەگوترێت (ناوەناوە دێمە ئێرە)، واتە (ماوەماوە دێمە ئێرە). بێجگە لەوانە واتایەکی تری بریتییە لە (دوێ) بە ئینگلیزی دەبێتە (in). لێرەدا زۆرتر لە واتای (ناوچە) و (ماوە)وە نزیکە. (بڕ) ڕەگی چاوگی (بڕین)ـە، لە پێکهاتەی چەند وشەیەکدا هەیە، کە واتای (بڕین، کەرتکردن، جیاکردنەوە) دەدات، وەک (دابڕین، بڕکردن ..)، بۆ نموونە دەگوترێت (مەڕەکان بڕ بکە، خەرمانەکە بڕ بکە)، واتە (جیایان بکەوە، کەرتی بکە)، هەروەها بە واتای (هەندێک شت- كمیة)، یان (ژمارەیەکی زۆر)یش دێت، بۆ نموونە دەگوترێت بڕێک شت، بڕێک مەڕ، بڕێک پیاو هاتن...تاد.

(ناوبڕ)، یان (ناوبڕە) هەر شتێکە کە دوو شت لێک جیا بکاتەوە، بۆ نموونە ئەو چیغەی دوو ژوور لێک جیا دەکاتەوە پێی دەڵێن ناوبڕ. یان ئەو ڕووبەرەی دەکەوێتە نێوان دوو ڕیز دێری کشتوکاڵی، پێی دەگوترێت ناوبڕ، پێشتر بۆ کاتیش بەکارهاتووە، بۆ نموونە لە کارکردندا دەگوترا (ناوبڕێکی بدەیە، با ناوبڕێک وەربگرین...). ئێستا ئەم وشەیە چووەتە ناو بواری (زمانەوانی، میوزیک، ڕاگەیاندن). بەگشتی ئێستا واتای وەستانێکی کورت، یان کاتی دەدات و لە بەرانبەر (Pause)، یان (Break)ی ئینگلیزی دەوەستێت.

سێیەم: تیۆری هێمازانیی کولتووری (Cultural Semiotics):

هێمازانیی کولتووری بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە کولتوور وەک سستمێکی هێمایی. ئەم تیۆرە، کە لای کۆمەڵناس (ماکس ڤیبەر) و مرۆڤناس (کلیفۆرد گیرتز)ەوە سەرچاوەی گرتووە، بە شێوەیەکی بنەڕەتی هاوتایە لەگەڵ ئەوەی کە بڵێین ناوەڕۆکی کولتوور لە هێماکاندا خۆی دەبینێتەوە، یان بە سادەیی؛ کولتوور یەکسانە بە هێماکان، کە سستمی نوێنەرایەتیی مرۆڤە (Long & He, 2021, p1269). کولتوور بریتییە لە ((شێوازی خەڵک، یان گرووپێکی دیاریکراوە لە ژیان و تێڕوانینیان بۆ ژیان؛ زانین و دابونەریت و هونەر و شێوازی ڕەفتاریان دەگرێتەوە)) (محمد حسن، ١٩٩٠، ص٩٣). لەسەر ئەو بنەمایەی کە کولتوور بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێت، هەروەها ((هێماکان لە لایەن بەکارهێنەرانەوە واتایان پێ دەدرێت، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ مەعریفە و ئەو دەوروبەرەی تێیدا واتا بە هێماکان دراوە و دووبارە واتایان لێ بەدەست دەخرێت)) (هیوا ئەحمەد، ٢٠٢٢، ل٣٥). بەم پێیە بە گۆڕانی کۆمەڵگە، کولتوور و دەوروبەری مەعریفی، واتای هێماکانیش دەگۆڕێن و بەکارهێنەرانیش بەپێی هەر قۆناغێک، واتا بە هێماکان دەبەخشن. گۆڕانی کۆمەڵگە و گۆڕانی شێوازی ژیان، گۆڕانی کەرەستەی لێ دەکەوێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانی وێنەی کەرەستە لە بیردا، بەم پێیە چەمکی ئەو هێمایەش کە بەرانبەر بیر دەوەستێت، دەگۆڕێت.

(یوری لۆتمان)، کە یەکێکە لە ڕابەرانی هێمازانیی کولتووری، پێی وایە زمان سیستمێکی مۆدێلکردنە. ئێمە جیهان بەو وێنانە مۆدێل دەکەین کە لە کولتوورەکەماندا هەن، بۆیە لە هەندێک بارودۆخدا وێنەی هێماکان لە واتا جێگیرەکانیان دادەماڵرێن و بەپێی گۆڕانکارییە سەردەمییەکان واتای نوێیان پێ دەبەخشرێت (Lotman,

1990, p. 38). بە باوەڕی سۆسێر، زمان لە کۆمەڵێک هێما پێکدێت، هێما بە ڕێککەوتنی کۆمەڵ لەدایک دەبێت و لە بنەڕەتدا واتای نییە، یان واتایەکی جیاوازی هەیە، بەڵام کۆمەڵ واتاکەی لێ باردەکات. بەم پێیە ئەو واتایەی بە هێما دەدرێت، پێشتر بیرۆکەیە و بوونی هەیە، دواتر لە کەرەستەیەک باردەکرێت. ئەم پرۆسەیەش لە زماندا بەردەوام هەیە و زمان هەمیشە پێویستی بە سازکردنی هێما و کەرەستەی نوێ هەیە، ئەم پرۆسەیەش ڕاستەوخۆ بەندە بە گۆڕان و هاتنەئارای بیری نوێوە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا. زۆر جار بیرۆکەی نوێ کەرەستەی زمانیی نوێ بەدوای خۆیدا دەهێنێت، جاری واش هەیە، بیرۆکەی نوێ لە کەرەستەی کۆن (وشە) باردەکرێت، بۆیە سەبارەت بە گۆڕانی واتا (ئۆلمان) دەڵێت ((واتا بریتییە لە پێوەندیی نێوان ناو و ناولێنراو... هەر گۆڕانێک لەو پێوەندییە بنەڕەتییەدا ڕوویدات، گۆڕان لە واتای وشە دێنێتە ئاراوە... گۆڕانەکەش بە دوو شێوەیە؛ یان واتای نوێ بۆ وشەی کۆن دادەنرێت، یان وشەی نوێ بۆ واتای کۆن دادەنرێت)) (ستیفن اولمان، ١٩٧٥، ص١٥٢).

هەندێک لەو گۆڕانانەی بەسەر واتای هەندێک وشەدا هاتووە، دوای ئەوەی لە ژیانی لادێ گوازرانەوە بۆ ناو ژیانی شار، ئەو شێوەیەیان لە گۆڕان وەرگرتووە، کە ئەم تیۆرە باسی دەکات، وەک:

- وشەی (مووچە) لە لادێدا چەند نانێک بووە کە قەد کراوە و بۆ شوان نێردراوە، بەڵام ڕۆشنبیری کورد ئەم ئەرکە دابینکارییە و ناوەڕۆکەکەی خواستووە و بۆ ناو سیستمی کارگێڕی و ئابووری گواستوویەتییەوە و واتای شایستەی دارایی مانگانەی پێداوە.

- وشەی دەسشۆر، لە لادێ بۆ ئەو دەفرە بازنەییە بەکار دەهات، کە لە ناوەڕاستەوە بەشێکی بەرزبوبووەوە و سابوونی لەسەر دادەنرا، لەگەڵ دەفر(مەسینە)ی پڕ ئاو و خاولیدا دەبرایە پێش میوان، تا دەست و دەموچاو بشوات، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و نەمانی ئەو جۆرە دەسشۆرە و پەیدابوونی شێوەی نوێی دەسشۆر، وشەکەش ئێستا چەمک و وێنەی دەسشۆری سەردەم دێنێتە بەر زەین.



وێنەی دەستشۆری کۆن



وێنەی دەستشۆری نوێ

- وشـەی پۆتان، کە لە (تان) و (پۆ)ی تەونەوە هاتووە؛ پۆ ئـەو دەزووانـەن، کـە بـە شـێوەیەکی ئاسـۆیی ڕایـەڵ دەکرێـن، تـان دەزووەکانـی ئاراسـتەی سـتوونین. ئێسـتا (پۆتـان) وەکـوو زاراوەیەکـی ئەندازەیـی و ماتماتیکـی بەکاردێـت. کـە سیسـتمی پۆتـان (Coordinate System) دوو ڕاسـتەهێڵی یەکتربـڕن؛ تـەوەری ئاسـۆیی (X) و تـەوەری ستوونی (Y). سسـتەمی پۆتـان ئـەو پردەیـە کـە بەهۆیـەوە شـێوە ئەندازەییـەکان (وەک بازنـە و هێـڵ) بـە هاوکێشـەی جەبـری دەنووسـرێنەوە.

**سەرچاوەکان:**


١ - حاتـم وليـا محمـد، (٢٠٢٠)، میتافـۆری چەمکیی لـە زمانـی کوردیدا، گۆڤـاری زانکۆ بـۆ زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان، بەرگـی ٤، ژمـارە ٦، زانکـۆی سـەلاحەددین، هەولێـر.

٢ - کامـل حسـن البصیـر، (١٩٧٩). زاراوەی کـوردی، چاپخانـەی زانکـۆی سـلێمانی.

٣ - هیـوا ئەحمـەد عەسـاف، (٢٠٢٢)، بنەمـای پراگماتیکـی لـە زمانـی ڕاگەیاندنـی کوردیـدا، تێزی دوکتـۆرا، زانکۆی سـەلاحەددین - هەولێر، کۆلیـژی زمـان.

٤ - احمـد مختـار عمـر، (١٩٩٨)، علـم الدلالـة، الطبعـة الخامسـة، عالـم الكتـب، القاهـرة.

٥ - محمـد حسـن عبدالعزيـز، (١٩٩٠)، مدخـل الـى علـم اللغـة، دار الفكـر العربـي، القاهـرة.

٦ - سـتيفن اولمـان، (١٩٧٥)، دور الكلمـة فـي اللغـة، ت: كمـال محمـد بشـير، مكتبـة شـباب، بغداد.

7 - Crystal, D. (2008). A Dictionary of Linguistics and Phonetics (6th ed.). Blackwell Publishing.

8 - Long, J., & He, J. (2021). Cultural Semiotics and the Related Interpretation. Advances in Social Science, Education and Humanities Research, 586, 1268-1272.

9 - Lotman, Y. M. (1990). Universe of the Mind: A Semiotic Theory of Culture. I. B. Tauris.


هەروەها سوودم لەم فەرهەنگانەش بینیوە:


١- شـێخ محمـەدی خـاڵ، (٢٠١٧)، فەرهەنگی خـاڵ، چاپـی دووەم، چاپخانـەی ڕۆژهـەلات، هەولێـر.

٢ - گیـو موکریانـی، (٢٠١٧)، فەرهەنگـی کوردسـتان، چاپـی دووەم، چاپخانـەی ڕۆژهـەلات، هەولێـر.

٣ – هـەژار، (١٣٨٨)، هەنبانە بۆرینـە، چاپی شەشـەم، چاپخانـەی (انتشـارات سـروش)، تهـران.